## **مەرگی شاعیری فەنتازیا**

رێناس جاف

"بەڕێز مەنوچەری ئاتەشی،شێعرە جوان و پاراوەکەت گەیشت،دامە دەس بەرپرسی لاپەڕەی شێعر. پەرۆش مەبە،گەر لەوێ چاپ نەکرا،ئەوا بۆ خۆمان لە گۆشەی خوێنەراندا بۆتی لە چاپ دەدەین."
ئەو ڕستە لە ژمارەییەکی گۆڤاری "فیردەوسی"، لە گۆشەی وەرامی خوێنەران،لە بەرسڤی شاعیرێکی گەنجی شاری "بوشێهر"،چاپ بووە.
ڕۆژی ڕابوردوو یەک شەمە 29 گەلاڕێزانی ساڵی 1384 هەتاوی(20 نۆڤمبەری 2005 زایینی)،شاعیری شێعری فەنتازیای ئێرانی "مەنوچەری ئاتەشی"،لە تەمەنی 74 ساڵیدا،ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
مەنوچەری ئاتەشی،لەسەر زاری دایکی،ساڵی 1312 هەتاوی لە گوندی "دێهرِوودی دەشتستان"ی بوشێهر،چاوی لە ڕووی ژیان هەڵێنا.
ئاتەشی خەرمانانی ساڵی 1330 هەتاوی ڕێی کەوتە فێرگەی مامۆستایانی شاری شیراز. لە بەر ڕووودانی کۆدەتای ساڵی 1332 هەتاوی، فێرگەی باڵا ،داخرا و ئاتەشی و هەڤالانی، بۆ مامۆستایی قوتابخانان،بەرەو گوندەکانی جۆربەجۆر،بەڕێ کران. بۆ یەکەمجار وانەوتنەوەی لە قوتابخانەی "بەندەر ڕیگ" لە بەشی خوێندنی سەرەتایی، دەس پێکرد. پاش چەن ساڵان وانەوتنەوە لەوێندەرێ،ڕێی کەوتە قوتابخانەی دوا ناوەندی "پالەوی" شاری بوشێهر. ئاتەشی لەو ساڵانەدا، وانەی ئەدەبیی،ئینگلیزی،عەرەبی و چەن وانەیێکی دی ،فێری قوتابییان دەکرد. لە هەمان سەردەمدا ئاتەشی شێعر و هەڵبەستی خۆی،بۆ چاپ،ڕەوانەی لای گۆڤارەکانی ئەودەمی ئێران دەکرد و چاپ بوونی پەیتا پەیتای شێعر و هەڵبەستەکانی،ناوی ئەویان خستە سەر زاران و ئاتەشی لە پێتەخت ناوبانگی دەرکرد.
ساڵی 1335 هەتاوی بۆ یەکەمجار،سەری تارانی دا و لەوێ دەگەڵ شاعیرانی وەک "فەرەیدوون موشیری"،"یەدوڵڵا ڕۆئیایی"،"نەوزەر پەرەنگ"،"م.ئازاد" و چەن شاعیری دی ،ئاشنا بوو. ساڵێک دواتر چوو بۆ شیراز و دیپلۆمی ئەدەبی وەرگرت هەتا بتوانێ ڕێ ببڕێتە زانکۆ. پاشی سەرکەوتوویی لەو بەستێنەدا،ڕێی کەوتە فێرگەی باڵای مامۆستایان لە تاران و لە بەشی پەروەردەیی و ئینگلیزی، مژولی خوێندن بوو.
تاقە ڕێی دابینی بژیوی و دەرامەتی ژیان لای ئاتەشی،هەر بەتەنێ کار و پیشەی مامۆستایی قوتابخانان بوو. پاش چوار ساڵان،ناچار کرا بۆ خولێکی چوارساڵی بگەڕێتەوە بوشێهر،دوای ئەوەش چەن ساڵێ لە شاری قەزوێن، مامۆستای قوتابخانە بوو. کەچی بنەماڵەکەی لە تاران دەژیان. هەتا سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران،ئەوە حاڵ و وەزعی ئاتەشی بوو.
هەر لەو ساڵانەدا وازی لە خەبەتن لە نێو گۆڤاری "تەماشا"هێنا،هەر لەبەر ئەوەش وەبەر چەن تۆمەتێ کەوت. ئاتەشی لە کتێبی "پڵنگی دۆڵی دیزاشێکەن"، سەبارەت بەو

سەردەمە دەنووسێ: بە هەڵکەوت لەو دەمەدا کە هەمووان تیر و توانجیان تێدەگرتم،یەکێ پەیا بوو لاگریم لێ بکات...
بیستم ،پاش جیابوونەوەم لەو گۆڤارە،لە دەس کوڕانی ڕۆژ و کایە کەران بە چارەنووسی من ،قەڵس ببوو و وتبووی: لەبەرچی دڵتان ئێشاند؟ کەستان لەو زێتر دژ بە شۆڕش،پێ شک نەهات؟ ئەو کەسە ئەندازیار "سەیید حسێن مووسەوی"،بوو کە دواتر پۆستی سەرۆک وەزیری وەرگرت و تەنانەت لە سەردەمی سەرۆک وەزیریدا بە هۆی چەن شاعیرێکی موسڵمانەوە(مەکتەبی) پەیامی بۆ ناردم و داوای لێکردم بگەڕێمەوە سەر کارەکەم.
ئاتەشی پاشی بەهاری ساڵی 1361 هەتاوی، خانە نشین کرا و گەڕایەوە بوشێهر.
ئاتەشی دوای لە چاپدرانی دەیان شێعری لە گۆڤارەجۆر بەجۆرەکانی ئێراندا،یەکەم کۆمەڵەی شێعری بە ناو ونیشانی: ئاهەنگێکی دی(ئاوازێکی دی)،لە پووشپەڕی ساڵی 1339 هەتاوی بە هۆی دڵسۆزی "ڕەزا سەیید حسێنی"،بڵاو دەکاتەوە. ئەو دەفتەرە شێعرییەی ئاتەشی دەنگدانەوەیێکی هەرە باشی لای شاعیرانی پێتەخت نشین هەبوو.
دۆستایێتی ئاتەشی و حسێنی، هەتا بەو ڕۆژانە درێژەی هەبوو،دوێنێ کاتێ سۆراخی ئاتەشیمان لەو گرت،خۆی پێ نەگیرا و لە پڕمەی گریانی دا و وتی: "ئاتەشی لە ژیانیا هیچ خۆشی نەدی."
بەرهەمی دواتری ئاتەشی، کۆمەڵە شێعری "ئاوازی خاک" بوو کە ساڵی 1346 هەتاوی لە لایەن پەخشکاری" نیل" ەوە بڵاو کرایەوە. ئەو بەرهەمەش وەک دەفتەرەشێعرییەکەی پێشووی،پێشوازێیکی بەرفرەی لێکرا.
ئاتەشی لەو ساڵانە بەدواوە،زێتر وەخۆ کەوت و لەسەر ڕاسپێری ژنە نووسەری ناوئاشنای ئێرانی،"سیمین دانشوەر"، "فۆنتامارا"،بەرهەمی "سیلۆنە"ی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی. ئەو ڕۆمانە لە لایەن پەخشکاری "فرانکلین" ەوە لە چاپ درا. هەر لەو دەمانەدا "دوورگەی دۆلڤینەکانی ئاوی"،بەرهەمی "سکات ئۆدڵ"ی وەرگێڕایە سەر زوانی فارسی،هەر لەبەر ئەو وەرگێڕانەش، خەڵاتی باشترین وەرگێڕی لاوی بردەوە.
دۆکتۆر سیمین دانشوەر، لە مەرگی ئاتەشی دا دەڵێ: نۆرەی من بوو،بەڵام چبکەم ئاتەشی پێش من کەوت. هەرچەندە ئاتەشی نەمردووە و بە شێعرە پاراوەکانی ،جاڕی نەمری سەرهەڵدەدات.
دۆکتۆر " ڕەزا براهینی" کە لە سەرەتای دەیەی 40 هەتاوی دا دەکەوتە ڕەخنە و نرخاندنی بەرهەمی شاعیرانی نوێخوازی ئێرانی، یەک لە هەڵسەنگێنەرانی هەرەقەتی شێعری ئاتەشی بوو. وتارەکەی وی سەبارەت بە شێعری ئاتەشی لە بەرهەمی "زێڕ لە نێو مس دا"،کاردانەوەی فرەی هەبوو. ئەویش لە مەرگی ئاتەشی دەڵێ: کۆچی دوایی ئاتەشی،نیمای باشووری ئێران،کۆستێکی مەزن و قەرەبوو نەکراوە بۆ شێعری فارسی.
وێنەی شاز و نزیکبوونەوە لە ڕۆحی شاعیرانەی شتە خۆجێییەکان،دوو تایبەتمەندی شێعری لای ئاتەشی بوون، ئاتەشی شاعیرێکی سووتەدڵ،سڵ نەکەر لە دەکارهێنانی ووشەی نوێ،بەزێنەری کێشی تەق و ڕەق بۆ نەخشاندنی کۆپلەی جوانی شێعری و تێکەڵکردنی گەلێ پەیڤی خۆجێی لە نێو دونیای شێعر دا بوو. ئەو هەروەها دەڵێ : لە

یەکەم دیدار و دیمانە دەگەڵ "فروغی فەڕوخزاد"،فروغ پێمی وت: " بە خاڵەت بە ئاتەشی دەبەم، یەکەم بەرهەمی ،زرۆ چاکتر لە بەرهەمی یەکەمی من دەرچوو."
ژنە شاعیری ناسراوی ئێرانیش، "سیمین بێهبەهانی"لە مەرگی ئاتەشی دا ئەڵێ: مەنوچەری ئاتەشی،لە شاعیرانی پێشەنگی شێعری ئێرانە. بە تایبەت نوێگەری و نیگای شاعیرانە ، لای وی،گەلێ خۆیا بوون. ئەو قوتابی بەرحەقی نیما و خۆشەویستی جەماوەر بوو .
دۆکتۆر "شەفیعی کەدکەنی"، تۆرەوان وشاعیری ناسراوی ئێرانی، سەبارەت بە ئاتەشی دەڵێ : ئاتەشی بە لە چاپدانی یەکەم بەرهەمی خۆ، چووە ڕیزی شاعیرانی پێشەنگی شێعری سەردەمی خۆی و سرووشتی باشووری ئێرانی ،بە بەدەوترین و لەبەردڵانترین شێوە، تێکەڵ بە هەڵبەستی خۆ کرد.
"سەیید عەلی ساڵحی" ،شاعیری نوێخوازی ئێرانی و دۆستی هەرە نێزیکی کوردان کە بەشداری جڤینی ئەدەبی بنکەی "گەلاوێژ" لە باشووری کوردستانە،هەرکە هەواڵەکەی مەرگی ئاتەشی بەرگوێ کەوت،شێعرێکی وی بۆ جەماوەری بەشدار خوێندەوە.
"زیا موەحید"،شاعیری هاوچەرخی ئێرانی ،دەربارەی ئاتەشی دەبێژێ: "هەر جارە کە دەکەوتمەوە بیری ئاتەشی،ئەو شێعرەم وەبیر خۆ دێنایەوە:

ئەز ئاشنای هەموو خەمێکی دونیام

لەگەڵ خەمی ئەو زەریای

کە ئۆقیانووسی لێ تۆراوە

لەگەڵ خەمیئەو گۆلەی ، لە ئامێزی زەریا
دوور کەوتۆتەوە

لەگەڵ خەمی ئەو کەڤرەی ئەرچی پەیکەرەی ڤێنووسی

تایبەت بوو،لێ بوو بە کێلە بەرد

ئاتەشی زێتر لە هەموو شاعیرێکی دی هاوچەرخ، نغرۆی نێو پانتایی ساتە ڕەهاکانی ئاوێتە بە شێعر بوو.
بۆ وتن دەشێ ئەم بەینە ئاتەشی،لە لایەن دەزگەی ڕادوێ تەلەڤزیۆنی ئێرانەوە خەلات کرا و وەک کەسایێتییەکی هەردەم گەش و نەمر،ناسێندرا.
لە بەرهەمەکانی ئاتەشی دەکرێ ئاماژە بەمانە بکەین:
ڕیشەی شەوان، ئاوازێکی دی، ئاوازی خاک، دیداری بەرەبەیان،بەسەر دوندی دەسپێکەوە،سەفەری خۆڵەمێش،پەسنی گوڵە سووری و چەن بەرهەمێکی تر.

ئەوەش وەرگێڕانی کۆپلە شێعرێکی ئاتەشی:

ئەی شەو، دە پێم بڵێ

ئەوە ئێستێ ئەستێران

شین گێڕی بۆ کامە ئاشقی دڵ سووتاو دەکەن

کەچی جار ناجارێکیش دەمەو ئێواران

بەسەر کەڵەکی باخچەکەی ئێمەوە

هەمدیس هەمان دوو مەلی شەکەت

نازانم بۆچ ،ئاوا بەکوڵ فرمێسکی دڵ ،هەڵدەڕێژن؟

*دیزاشێکەن: ملەێیکە لە کوێستانێکی نێوان دوو دەڤەری دەشتستاندا

پەیڤێکی پێویست: ئەم بابەتە کورتکراوی بابەتێکی نێو ڕۆژنامەی "شەرق"،هی ڕۆژی دووشەمە 30 گەلاڕێزانە کە دوو بەڕێز بە ناوەکانی "مادی یەزدانی خوڕەم" و "سام فەرزانە" ئامادەیان کردووە. هەروەها بۆ خۆم هەندێ دەسکاریم کردووە و چەن کورتە زانیاریم خستۆتە پاڵ.
بۆ ئامادەکردنی ئەم کورتە نووسینە ،چاویشم لە "هەڵبژاردەی شێعری مەنوچەری ئاتەشی"،کردووە کە ئەم کتێبە ساڵی 1375 هەتاوی لە لایەن پەخشکاری "مرواريد"ەوە لە چاپ دراوە.

تاران،30 گەلاڕێزانی 2705 کوردی